# له ئێمه نییه كه‌سێک: كه ڕه‌حم وبه‌زه‌یی نه‌یه‌ته‌وه‌ به‌رامبه‌ر به‌ بچووكه‌كانمان، وڕێزی گه‌وره‌كانمان نه‌زانێت

له‌ عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- كه‌ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- ده‌فه‌رموێت: «له ئێمه نییه كه‌سێک: كه ڕه‌حم وبه‌زه‌یی نه‌یه‌ته‌وه‌ به‌رامبه‌ر به‌ بچووكه‌كانمان، وڕێزی گه‌وره‌كانمان نه‌زانێت (ڕێز له گه‌وره‌كانمان نه‌گرێت)».

[صه‌حیحه] [تورموزی گێڕاویه‌تیه‌وه‌ - ئیبنوداود گێڕاویه‌تیه‌وه‌ - ئه‌حمه‌د گێڕاویه‌تیه‌وه‌]

ئه‌م هه‌ڕه‌شه وئاگادار كردنه‌وه‌یه‌ به‌ڵگه‌یه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ ئه‌م تاوانه‌ له‌ تاوانه‌ گه‌وره‌كانه‌، ئه‌وانه‌ ده‌گرێته‌وه‌ كه‌ به‌زه‌یی وڕه‌حمیان نییه‌ به‌رامبه‌ر به‌ منداڵ وته‌مه‌ن بچووكان له‌ مسوڵمانان وچاكه‌كار وڕووخۆش نین به‌رامبه‌ریان، وڕێز ناگرن له‌ گه‌وره‌ و به‌ته‌مه‌كان وقه‌دریان نازانن به‌و شێوه‌ی كه‌ شایسته‌ت له‌ به‌ گه‌وره‌دانان وڕێزگرتن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3083

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee